# فاکتەرەکانی هاتنی گروپە تیرۆریستیەکان بەرەوسنوری کوردستان و زنجیرە چیای حەمرین

حوسێن ئیسماعیل خان دەلۆ
husin966@yahoo.com

ئەگەر ئاوڕێکی ئەو سەردەم و زەمەنە دێرین و کۆنانەی کە بە بەربەیانی مێژوو یان سەردەمی پێش مێژوو ناو دەبرێت بدەینەوە ، مرۆڤ کاتێك ئەشکەوتی بە جێهێشت و کۆمەلگای دروست کرد بەر لە ناسین و ئاشنا بوونی بە دەزگا و دامەزراوەکانی بەڕێوەبردن و چێکردنی دەولەت هەولیان دەدا بۆشاییە رۆحیەکانیان پڕ بکەنەوە بە دوای خالقدا دەگەڕان و هەر لە پەرستنی رۆژ و مانگ و هەورە تریشقەو و با و .... هتد تاکو دەگاتە سەردەمی سروشە ئاسمانیەکان کەواتە ئاین پێگە و رۆلێکی کارا و گرنگی هەبووە لە ژیانی مرۆڤدا بە تایبەت کتێبە ئاسمانیەکان کە کۆمەلێك پرنسیپ و یاسا و ریسایی تایبەتیان تێدا هەیە سەبارەت بەرێکخستنی چۆنیەتی رەفتار و هەلسو کەوت و مامەلە کردن لە نێوان مرۆڤەکاندا ، لەو قۆناغە مێژوویانەدا دەسەلاتی دینی و پیاوانی ئاینی هەموو کایەکانی ژیانی گرتەوە لە سەردەمی دەسەلاتی کەنیسەدا لە ئەوروپا گەلێك شۆڕش و راپەڕین بەرپا بوو بۆ لەکارخستن و پەراوێز خستنی دەستەلاتی ئاینی و جیاکردنەوەی دەسەلاتی ئاینی لە دەسەلاتی دونیاوی ، ئەو خەبات و کۆششانە لە شۆڕشی فەرەنسا لە سالی 1789 گەیشتە پۆپە و هەولەکانیان بەرجستە بوو کە کار و سروتە ئاینی و دەسەلاتی ئاینی لە کەنسەکاندا جێگیر بوو دەستیان لە کاروباری دەولەت وەرنەدەدا .

کاتێك سەردەمی فتوحاتی ئیسلامی لە سەروەختی خولەفای راشدیندا دەستی پێکرد و پانتایەکی فراوان و بەشێکی زۆر لە ناوچەکانی رۆژهەلات و بەشێك لە ئەوروپا کەوتە نێو قەلەمڕەوی دەسەلاتی ئیسلامەوە جارێکی دیکە وولاتانی رۆژئاوا کەوتنە بەر شالاوی هەمان مەترسی پێشوو دەترسان جارێکی دیکە دەسەلاتی ئاین گشت بارو بوارەکانی ژیانیان بتەنێتەوە  بۆیە چەندین گەڕیدەو رۆژهەلاتناسیان رەوانەی ناوچەکانی ژێردەسەلاتی دەولەتی ئیسلامی کرد و چەندین ناوەند و سەنتەر و دەزگای رۆژهەلاتناسیان دامەزراند خەرج و پارەیەکی زۆر و زەوندیان بۆ تەرخان کرد تاکو پەرچە کردارێك بێت بۆ پێشگیری و بەر بڕ کردن لە ئاینی ئیسلام ، ئەمە و چەند فاکتەرێکی دیکە دەنەدانی سەرهەلدان و جۆشدانەوەی جولانەوە توند رەوە ئیسلامیەکان بوو بۆ  لە قۆزاخە دەرچوون  و چوزەرە کردن و نەشونماکردنی چەندین کۆمەلە و پارت و رێکخراوی ئیسلامی سیاسی   .

سەرهەلدانی ئیخوان مسلمین لە سەردەستی حەسەن بەنا لە سالی 1927 لە ولاتی میسر بوو کاتێکی درەنگ تر گەیشتە ئێراق کە لە سەر دەستی محەمەد محمود سەواف و هاوڕێکانی لە کۆتایی چلەکانی سەدەی رابردوو لە شاری موسل  ئەو پارتە سیاسیە ئیسلامگەراییە گەرای خست هەرچەندە شارێکی کوردستانی بوو بەلام ئەوەندە رەگ و ڕیشەی قولی لە هەناوی جەماوەردا دانەکوتا و پەل و پۆی بەرەو کوردستان نەهاویشت کە وەکو پارتێکی سیاسی ئەکتیڤ کاریگەری خۆی هەبێت ، گەشە و پەرەسەندنی  ئیسلامی سیاسی لە نێو کورددا لە سەروەختی جەنگی ئێراق و ئێران بوو کە ئێران پالپشتی زۆری ئەو بزاف و ئایدیا و بیرۆکەیەی دەکرد چونکە چەندین دەستکەوت و بەرژەوەندی مەعنەوی بۆ خوی تێدا بوو بە تایبەت لە پاش کیمیابارانی هەلەبجە ئیتر زەمینە سازی زیاتری بۆ رەخسا ، لە رەوشی سیاسی ئەمڕۆدا تێکەل و پێکەلیەك دروست بووە لە سەر تێڕوانینی خەلکی بە موسلمانەکانیشەوە بەرامبەر بە ئیسلامیە سیاسیەکان کە تیرۆرستان پێناسەیەکی ناشرینیان بە بالایاندا  بڕیوە کە بەر لە هەموو شت ئەرکی ئەو تیارە رەسەن و میانڕەوە ئیسلامیانەیە بۆ داماڵینی ئەو پۆشاکەی کە ئەوان هەولیانداوە بیدەن بەسەریاندا یەکەم کەس بن دژایەتی ئەو گروپ و باندانە بکەن چونکە ئەوان جگە لەوەی ناوی ئیسلام ناشرین و نابوت دەکەن و خەلکی سڤیل قەتل و عام دەکەن بێدەست پارێزی لە هەمان کاتدا تێڕوانین و مەفهومێکی دیکە بەبالای رەوت و بزوتنەوە و پارتە ئیسلامیەکاندا دەبڕن   .

هاتنی باند و گروپه تیرۆریستیەکان بۆ ناوچەکانی سنوری کوردستان وەکو پێش ماوەیەك لە میدیاکانەوە باسی هاتنی چەکدارەکانی ڕێکخراوی قاعیدە بۆ سنوری چیای حەمرین و پاشتریش شاهید عەیانەکان لە و ناوچانە بینیویانە تاکو دەگاتە ئەوەی کە لەم ڕۆژانەدا چەندین ماڵە کورد لە گوندەکانی ( گەڵابات و عین شکور (( دوو گوندن سەربە قەزای کفرین و دانیشتوانەکەیان کوردن ))) بەو سۆنگەیەوە گواستویانەتەوە بۆ هەندێك شوێنی ئارام و دووره دەست تر کە تیرۆریستان بەباشی دەستیان پێناگات .

رەنگە کۆمەڵێك فاکتەر و هۆکار پاڵنەری هاتنی ئەو چەکدارانەی ریکخراوی قاعید و باندەکانی دیکە بێت بۆ ئەو ناوچانە کە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ زەمینە سازی ئەو ناوچەیە لە رووی تۆبۆگرافییەوە و جەوشەن و توخبی نێوان کورد و عەرەبە و دەتوانن چالاکی خۆیان بەهەردوو لادا ئەنجام بدەن لە لایەکی دیکەوە ناوچەکە عەرەبی سونە مەزهەبن و لەرووییەکی دیکەوە جموجوڵی گێره شێوێنی و چەواشەکاری چەکدارانەی هەندێك بەناو موجاهیدەوە کە سەر بەرژێمی لەناوچوو بوون ئەنجام دراوە و دەردرێت و هاوکات دەسەڵات و حکومەتی پاش رژێمی لەناوچوو توانای ئەوەی نەبوو بە تەواوی ئەو ناوچانە بخاتە ژێر هەیمەنە و رکێفی خۆیەوە و تەناهی وئاسایشی تێدا فەراهەم و بەرکەماڵ بکات ، هاوزەمان بەباشی لە رووی دەزگا ئەمنیەکانەوە هەردوو ئیدارەکەی سلێمانی و هەولێر لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا تاکو ئەم چرکە ساتانە یەکیان نەگرتوەتەوە کە ببێتە لەمپەر و رێگری تەواو لە هەر جموجوڵێکی ئەو دەستە و باند و گروپانە ، دوور نەخستنەوەی ئاگری تیرۆر لە ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان و زیف سەندنی چالاکی ئەو گروپانە لە ناوچە کوردنشینەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی فاکتەر و هۆکارگەلێکن بۆ ئەوەی هەوڵەکانیان بخەنە گڕ تاکو پریشکی ئاگری تیرۆر بگەیەننە هەرێمی کوردستان .

لە ناوەڕاستی ئێراق شەڕەکان تەنها شەڕی مەزهەبی نین و هەندێك جار لە ناوخودی مەزهەبەکاندا پێکدادان و یەکتر کوشتن هەیە ، هەرچەند ناکۆکی نێوان شیعە و سونە لە ئەزەلەوە رەگ و ریشەیەکی قوڵی هەیە و بە ئاسانی ئەو برینانە سارێژ نابێت کە بە درێژای مێژووی سەرهەڵدانی دوژمنایەتیان بێدرێغ بوونە و دەسپارێزیان لەیەکتر کوشتن نەکردووە ، شیعەکان ویستیان ئەو هەل و دەرفەتانە بقۆزنەوە کە زۆرینەن و لە رێگای هەڵبژاردنەوە مافی خۆیانە جەڵەوی دەسەڵاتداری لە ئێراقدا بە دەستەوە بگرن و قەرەبووی ئەو هەموو ساڵانە بکەنەوە کە دەسەڵاتی کەمینەی سونەی عەرەب لە ئێراقدا بە سەریاندا زاڵ بوو کە بێ هیچ سێ و دوویەك رەشبگیری و قەڵاچووی دەکردن و ئێستا گلۆڵەیان کەوتووەتە لێژی ، عەرەبە سونەکانی ئێراق هەر لە سەرەتا دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراقەوە لە ساڵی 1921 هەرچەند کەمینە بوون لە چاو شیعە مەزهەبەکاندا بەڵام فەرمانڕەوای ئێراقیان دەکرد ، سونەکان خۆیان بە خاوەن شەرعیەت دەزانن و خۆیان بە میراتگری دەسەڵات دەزانن بۆیە هەر لەگەڵ نغرۆ بوونی دەسەڵاتدا بە هاوکاری رێکخراوی قاعیدە ویستیان بە شەڕ و شۆڕ و کوشت و بڕ هاوکێشەکە بەو شێوەیە راست بکەونەوە و دەسەڵات بۆ خۆیان زامن و مسۆگەر بکەن تەنانەت شەڕ لەگەڵ ئەو باهۆزەیەش بکەن کە دەیەوێت دەسەڵاتی سونەکان تەفرو تونا بکات ، لە بەرامبەردا شیعەکان هەوڵیانداوە بۆ سەرکوتکردنی سونەکان و تۆڵە کردنەوەلێیان تاکو دەگاتە ئەوەی کە (عومەر) ناوەکان لە ناوچە شیعە نشینەکان هەڵبێن یاخود ناوی خۆیان بگۆڕن .

کێشمە کێشمی نێوان ئێران و ئەمریکا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانێکی پێش ئۆپراسیۆنی ئەمریکا بۆ سەر ئێراق و تەنانەت هەر لە پاش گۆڕینی سیستەمی پاشایەتی لە ئێراندا ئەو جەنگە سارده بوونی هەیە و شەڕی ئێراق ئێران بەشێك بوو لە ئەو جەنگە سارده و ئێراق بەوەکالەت شەڕەکەی دەکرد ، یاری مار و پەیژەکە لە هەمبەر هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئێران بەندە بە تەسفیەی حیسابی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتدا بەگشتی و ئێراق و ئەفغانستان بەتایبەتی ، ئەمەش وەرده کاری زۆر و زەوەندی دەوێت چونکە ئەمریکا نایەوێت بگلێتە شەڕێکەوە بەرەیەکی فراوانی هەبێت و ئەنجامەکەی گوشار و فشارێکی ناوخۆی و دەرەکی بۆ دروست بێت بەڵکو دووربینانە و ستراتیژیانە کار بۆ ئەو مەسەلەیە دەکات ، حکومەتی خۆمان بۆ راستکردنەوەی پارسەنگی گشت ئەگەرەکان دەبێت هوشیارانە مامەڵە لەگەڵ پەرەسەندنە سیاسیەکاندا بکات چونکە جگە

لەوەی کە نەتەوەی کورد بەشێکن لە پێکهاتەی خەڵکی ئێران هەرێمی کوردستان زۆرترین سنوری لەگەڵ ئێراندا هەیە نابێت ڕێگا بدرێت کوردستان بکرێتە گۆڕەپانی جەنگ چونکە ئەوکاتە ماڵوێرانیەکەمان زیاتر دەبێت .